# پینتاگۆن هەرچی لە ناخیدا بوو لە ئاكامدا هەڵیڕشت

مەمەد عەلی بیراند/واشنتۆن
و. : بـــــــەكر شـــــوانـــــی
bschwani@hotmail.com

ئەمەریكیەكان لە مەسەلەی "یاداشت"ەكەوە هەتا ئێستا خۆیان ڕاگرت و توڕەبوونی خۆیان لە ناخیاندا هێشتەوە. لە ئاكامدا، پاول ڤۆلفۆڤیتز كە بە یەكێك لە ناوە بەهێزەكانی پێنتاگۆن دادەنرێ، بە چاوی نوقاوەوە دەستی بە قسەكرد...

لەم ڕۆژانەدا لە واشنتۆن دوو بەڕێوەبەرایەتی بۆ عێراق هەیە كە یەكێكیان وەزارەتی بەرگری "پێنتاگۆن" و ئەویتریان وەزارەتی دەرەوەیە. یەكەمیان بەشێوەیەكی هەتا بڵێی توند و زۆر جیاواز لە جیهان دەڕوانێ و ئەویتریشیان تێدەكۆشێ بە شێوازێكی نەرمتر و بێ پچڕاندن و دەستلێدانی پەیوەندیەكان كارەكانی خۆی بەڕێوە ببات. لەوانەیە هەندێك زیادەڕۆیشی تێدا بێت، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەم دووانە نەفرەت لە یەكتر دەكەن. پێنتاگۆن مۆری خۆی لە سیاسەتەكانی كێشەی عێراق خستووە و بەتێپەڕبوونی كاتیش گرانی و قورسایی زیاتر دەبێت، ئەمە لە كاتێكدا وەزارەتی دەرەوە هەوڵدەدات بە شێوازی باوی خۆی نەهێڵێت پەیوەندیەكانی دەرەوە بكەوێتە دەستی پێنتاگۆن. لە خوار سەرۆك بوش-ەوە وەكو ئەوەی دوو جیهانی بۆربۆرێن هەبێت وەهایە و بەگژیەكداچوون و ناكۆكیەكانیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەكەونە ڕوو.

ڕەتكردنەوەی "یاداشتنامە"كە لە لایەن ئەنجومەنی گەورەی میللەتی توركیاوە (پەرلەمانی توركیا-وەرگێڕ) لێرە بووە مایەی سەرسوڕمان و خەیاڵ شكاندن و توڕەبوونێكی بێوێنەی وەها كە هەوڵدرابوو زۆر لە ڕاگەیاندندا ڕەنگ نەداتەوە، بەڵكو مەسەلەكە لە سنوری گفتگۆی تایبەتی و لەودیوی دەرگا داخراوەكانەوە ڕاگیرا هەتا ئەو كاتەی قیامەت هەستا و ڕووداوەكە تەقیەوە.

پاول ڤۆلفۆڤیتز كە بە یەكێك لە كەسە بەهێزەكانی بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریكا دادەنرێ، ئەمڕۆ بەشێوەیەكی ئەوەندە ڕاشكاوانە بۆچوونەكانی وەزارەتی بەرگری ئەمەریكای خستەڕوو كە هەتا ئێستا هیچ لێپرسراوێكی ئەمەریكایی جورئەتی نەكردووە بەو ڕەنگە بدوێ.

چاوەڕێی ڕاستی بووم، چاوەڕێم نەدەكرد وەها بێت، بە تایبەتیش هاتنی ئەم قسە ڕەق و تاڵانە لە "پێنتاگۆن"ێكەوە كە هەمیشە سوپای توركیای پاراستووە و قۆڵی لە قۆڵیدا بووە، هەم دۆخەكە ئاڵۆزتر دەكات و هەم كێشەكە قوڵتر دەكاتەوە. دەرچوونی ئەم وشانە لە زاری ڤۆلڤۆفیتز-ەوە جێگای سەرنجە و لەو بابەتەیە كە یەكەمجارە لە ئەنقەرە دەبیسترێ.

## دان بە هەڵەی خۆتاندا بنێن و هەڵوێست بگۆڕن

ئەگەر دەتانەوێ وشە بە وشەی وتارەكەی ڤۆلڤۆفیتز بخوێننەوە، بچنە ئەم ناونیشانە (www.e-kolay.net) و كلیكەی (MANSET) بكەن. من لێرەدا مەبەستی جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریكا یان ڕاستتر بڵێم ئەوەی لە قسەكانی تێگەیشتووم بۆ ئێوە بخەمە ڕوو. ڕەنگە ئەو وشە و ڕستەی جیاوازی بەكارهێنابێ، بەڵام پەیامەكانی بەمجۆرە بوو:

- ڤۆلڤۆفیتز وتی حکومەت و ئەرکانی سوپا و کۆمەڵگای تورکیا بەشێوەیەکی ئاشکرا دژایەتی ئەمەریکا و لایەنگیریان لە سەدام کرد و پێشنیار دەکات کە تورکیا دان بەم هەڵەیەدا بنێ و هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ. سەرنجی ڕاکێشا بۆ سەر ئەوەی کە پێویستە تورکیا سەرلەنوێ بەرەو کامپی ئەمەریکا هەنگاو بنێتەوە.
- بە بۆچوونی جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا، تورکیا لە ڕیزی "وڵاتانی هاوپەیمانی دژ بە عێراق"دا نیە. لەبەر ئەمە و لە هەموویشی گرنگتر " لە ترسی کاردانەوەی عێراقیەکان" تورکیا نابێت لەو هێزەدا بەشدار بێت کە بڕیارە بۆ پاراستنی ئاشتی دابمەزرێنرێ، بەڵام لەو وشانەدا کە بەکاری هێنا ئەم پەیامەیشی دا: "ئەگەر لە ئەمەریکا نزیک بنەوە، دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا دێت".

## باکوری عێراق چیدی باخچەی پشتی ماڵەوەی ئێوە نیە

–ڤۆلڤۆفیتز زۆر بە ئاگاداری و بە سەرنجەوە وشکانی بەکار دەهێنا، بەڵام ئەگەر بخرێنەوە سەر یەک، ئەوا من ئەم پەیامەی لێ وەردەگرم: "باکوری عێراق چیدی باخچەی پشتەوەی تورکیا نیە. ناتوانن هەر کاتێک بخوازن بچنە ناوەوە و بێنەوە، بۆشتان نیە بە ئارەزووی خۆتان جرت و فرت بکەن. ناچارن جوڵەکانی خۆتان بە ئێمە ڕابگەیەنن و مۆڵەتمان لێوەربگرن. لە وادەی درێژخایەنیشدا، (ئەگەر بتوانین سەرلەنوێ پەیوەندیەکانمان بنیاد بنێینەوە) مانەوەتان لە باکوری عێراقدا زەحمەتە. پێویستە لەسەرتان مەسەلەی کوردەکانیش لە سەری خۆتان دەربێنن".

## نەدەبوو ئەرکانی سوپا لە بابەتی یاداشتنامەکەدا بێ دەنگ بووایە

–لێدوانەکانی ڤۆلڤۆفیتز سەبارەت بە هێزەکانی چەکداری تورک بە شێوەیەکی تایبەت منی سەرسام کرد، چونکە پێنتاگۆن سوپای تورکی بە هاوپەیمانی خۆی دەزانی و هیچ کاتێک ڕەخنەی لێنەدەگرت، بەڵام ئەمجارە ئەم ڕێسایەش تێکچوو. جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا بۆ یەکەمین جار و زۆر بە سووربوون و دووبارە کردنەوەوە جەختی کرد کە بێدەنگبوونی ئەرکانی سوپای تورکیا لە بەرامبەر مەسەلەیەکی وەها گرنگ بووەتە هۆی خەیاڵ شکاندنێکی زۆر قوڵ بۆ ئەمەریکا. لە پێنتاگۆنەوە تەلەفۆن بۆ ئەنقەرە کراوە و ئەرکانی سوپا لە وەڵامدا وتویەتی "داوای لێبوردن دەکەین ئەمە کاری ئێمە نیە، تکایە تەلەفۆن بۆ حکومەت بکەن. " ئەم وەڵامەش لێپرسراوانی سەربازیی ئەمەریکای هار کردووە.

## لە سوریا و ئێران نزیک مەبنەوە

–بابەتێکی تر کە جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا تۆزی گومانی لەسەر ڕەواندەوە، گرێدانی تورکیا بوو بە سوریا و ئێرانەوە. من پەیامەکەی ڤۆلڤۆفیتز–م بەمجۆرە خوێندەوە: "ئەگەر لە چوارچێوەی سیاسەتی ئێمەدا و بۆ گەیاندنی دید و بۆچوونەکانی ئێمە دەچن، ئەوا مەسەلەیەک نیە. ئەگەر پێچەوانەکەیشی بکەن، ئەوا وا دەردەکەوێ وەکو ئەوەی لەدژی ئێمە بن. "

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی حوریەت ۲۰۰۳/۵/۷

www.kurdistannet.org کوردستان نێت